ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ئیسلامو دەوڵەتو دوو ئەفەندی

فاضل قەرەداغی

تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤

یەکێك لە بابەتەکانی ژمارە (٣٤)ی گۆڤاری (سەردەم) ی ئەمساڵ بریتییە لە وەرگێڕانی خستنەڕووی کتێبێکی (عبدالوهاب الافندی)یە بە ناوونیشانی (الاسلام و الدولة الحديثة) کە ساڵی (٢٠٠١) دەرچووەو خوێندنەوەکەی لەلایەن (کامبریج بووك ریڤیو)وەوە کراوەو لە پێگەی ئینتەرنێتی (الجزیرة)دا هەیە، ( شوان احمد )یش ئەم خستنەڕووەی کردۆتە کوردی ( ل ١٢٣ – ١٢٧).

من ئەو باوەڕەم هەیە کە نابێت (نووسین) لە (نووسەرەکەی) جیابکەینەوە و نووسەر کاریگەریی گەورەی بەسەر نووسینەکەی خۆیدا هەیە بەڵام لەهەمان کاتدا نابێت هێندە موبالەغە لەم کاریگەرییە بکەین کە بۆچوونەکەی تر، واتە (جیاکردنەوەی نووسین لە نووسەر) پشتگوێ بخەین، هەرچەندە لەم حاڵەدا ناکۆکیمان هەر هەبێت و یەك ڕا نەبێت لەسەر ئەوەی چۆن سەربەخۆیی بە نووسینەکە بدەین .

ئەمە لە نووسیندا، ئەی لە جۆرێکی تری نووسین کە کەمتر فیکری خاوەنەکەی پێوەیە؟ مەبەستم (وەرگێڕان) حاڵ چۆنە؟

بێگومان جیایی ( نووسینی وەرگێڕدراو) لە ( وەرگێڕ) زیاترە چونکە بەڕووالەت وەرگێڕ تەنها گۆڕینی زمانی نووسینەکەی لەسەرە... بەڵام ئاشکرایە دەبێت باسی رادەیەکی دیاریکراوی سەربەخۆیی بکەین... چونکە دەشێت وەرگێڕ رۆحێك بکاتە بەر ئەو نووسینە کە ئەسڵەکە نیەتی، دەکرێت پێچەوانەش ڕووبدات و وەرگێڕانێکی گۆج بهێنێتە بەرهەم. وەرگێڕ دەتوانێت بەئەمانەتەوە نووسینەکە وەربگێڕێت و بۆی هەیە کەم تا زۆر سەقەتی بکات.... ئەی دەستکاریی ئارەزوومەندانە؟ ئەمیشیان هەر هەیە؛ وەرگێڕ بە ئارەزووی خۆی دەستکاری نووسینەکە بکات. ئەی هەڵبژاردنی بابەت؟ لەمەیاندا تەواو وەرگێڕ و بابەتەکە لەیەکتر نزیك دەبنەوە مەگەر فەرمانبەرێك بەزۆر بابەتێکی بەسەرا سەپێنرابێت، کەسیش ناتوانێ گلەیی لەوەرگێڕ بکات ئەگەر بابەتێکی دیاریکراو بۆوەرگێڕان هەڵبژێرێت، ئەگەر بابەتێکی موخالیفیش هەبێت گوناهی کەسانی ترە کە وەرینەگێڕن یان لەبارەیەوە نادوێن.. با لەمەوە دەست پێبکەین.

ئەوەی سەرپێ خستنەڕووەکەی ئەو کتێبەی (ئەلئەفەندی) بخوێنێتەوە وادەزانێت نووسەرەکە دژ بە رەوتی ئیسلامییەو دژ بە دەوڵەتی ئیسلامیشە. بەڵام ئەوەی نووسینی تری دەبینێت (بۆ نموونە: ئیسلامییەکانو دیموکراسی لە سەردەمی پاش ئەربەکان- رۆژنامەی القدس العربی ٢٠٠٢/١١/١٢) وێنەیەکی تر دەبینێت. ئێمەش چاوەڕێ ناکەین کەسێك بە خۆی بڵێت عەلمانی هەردوو جۆری بۆچوونی دژ بەیەك لەبارەی ئیسلامییەکان وەربگرێت یان باس بکات وەك چۆن ئەویش چاوەڕێی هەمان شت لە ئیسلامییەکان ناکات.

ئەم کارەی نووسەر (لێرەدا وەرگێڕ) بەسەر بابەتەکەیدا کە لێرەدا ئەم کارە بریتییە لە هەڵبژاردنی یەك جۆر نووسین کارێکی سلبییەو ئەگەر تەنها ئەو جۆرە بابەتانە زاڵ بن خوێنەری ئاسایی وا دەزانێت جیهان هەر ئەو شتەیە

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

کە نووسراوە بەڵام وەکو وتم نـاتوانم گلەیی لـەو نووسـەر/ وەرگێڕە بکـەم چونکـە راستکردنەوەی تەرازووەکە ئـەرکی ئەوانەیە کە بۆچوونی موخالفیان هەیە.

پاشان دێمە سەر جۆری تر کاری نووسەر / وەرگێڕ لەسەر نووسین/ وەرگێڕانەکەو جیایان دەکەمـەوە لـەم باسـە رەخنەییەم بۆ ئەمانەی خوارەوە و تایبەتیان دەکەم بەوەرگێڕ:

١- لابردنی هەندێك وشەو ڕستە کە بەشێکی ئەو شتە لابراوانە بۆ مەبەستی وەرگێڕ لابراون.

٢- لایەنی تەکنیکی وەرگێڕان ، کە ئەگەر وەرگێڕانەکە تەواو نەبێت بەڵگەیەکمان بەدەستەوە دەبێت لەسـەر ئـەوەی وەرگێڕ شارەزای ئەو شتانە نییە کە وەریاندەگێڕێت یان ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی قسە بکەم زمان ئامێری فێربوونـەو ئەگەر کەسێك زمان باش نەزانێت گومانمان بۆ دروست دەبێت لەبارەی زانیارییەکانیەوە.

پێویستە ئـەو هەقـەش بـە وەرگێڕ ، هـەر وەرگـێڕێك، بدەیـن کـە نـابێت داوای وەرگـێڕانی دەقـاودەقی لێ بکـەین بەتایبەتی لەهەر زمانێکەوە بۆ کوردی چونکە هێشتا زۆر وشەو تەعبیر هەیە ناتوانین بیانکەینە کوردی یان رەنگە ئەو وشانە هـەبن بـەڵام لـەناو نووسـەراندا بڵاونەبوونەتـەوە و رەنگـە ژمارەیـەك وشـەی گونجاو لـە کوردیـدا هـەبن‌و ئێمـە نەزانین. بۆیە پێویستە چاو لە هەندێ وشە بپۆشین کە بڕواناکەم بەرامبـەریان لـە کوردیـدا هـەبێت وەکو بـۆ نموونـە (بالطبع) کە بەناچار وشـەی بێگومـان بـەکاردێنین هەرچـەندە بەرامبـەری نییـە، یـان وشـەی (سـیاق) کـە نموونەیـەك لێرەدا وەرگێڕانی (شوان)ـە کە (ففی سیاق) دەکاتە: "سەرەوەختێك" کە بەهیچ جۆرێك بەرامبەری تەعبیرەکە نییـە. ئەگەر وشەیەکی نزیکتریش بەکاربهێنایە یان هەر بیپەڕاندایە زیاتر چاوپۆشیان لێ دەکرد، چاکـترین شـتیش هـەر وشـە عەرەبییەکەی (سیاق)ی بەکاربهێنایە. ئامۆژگاریشم بۆ هەر کەسێك رەخنە لە وەرگێڕان بگرێـت پێـش رەخنەکـە خـۆی بیر لە بەدیلە بەرامبەری تەواوی کوردی بکاتەوە.

پاش ئەمە دەوتانین قسە لەو شتە بکەم کە هەقی ڕەخنەگرتنەو بەوە دەست پێ بکەم کـە شـوان شـتی لابـردووە لـە وەرگێڕانەکە . ئەو ئەگەر بیوتایە (ئامادە کردن) یان (وەرگێڕان بە دەستکارییەوە) عوزرێکمان بۆ دەدۆزیـەوە ، ئـەگەر چیش عوزرێکی لاواز بێت بەڵام کە نووسیویەتی ( وەرگێڕان) وا چاوەڕێ دەکرێت بەڵکو وا پێویستە دەقەکە وەکو خۆی بکاتە کوردی بەڵام بێگومان بێ ئەوەی داوای وەرگێڕانی دەقاودەق بکەین.

(ئەلئەفـەندی) بـاس لـە ئامۆژگارییـەکی زانایـانی ئوممـەتی ئیسـلامی دەکـات کـە پێویسـتە موسـڵمانان گوێڕایـەڵی فەرمانڕەوا بن ئەگەر ئەو گوێڕایەڵییە نەبێتە گونـاه (تـاوان دژی خـودا). بـەپێی نووسـەر چـەمکی گونـاه (یـان تـاوان) لێرەدا تەمومژاوی‌و بەرتەسك ماوەتەوە بەجۆرێك کە زەوتکردنی دەسەڵاتو (تصرف)ی ناڕەوا لە دارایی ئوممـەت بـەو گوناهە گەورەیە نەزانرابوو کە پێویست بکات میللەت یاخی بێت‌و چیتر گوێڕایەڵ نەبێت بەڵکو شۆڕشیش بەرپا بکات.

وەسفی ئەم هەڵوێستە لەلایەن (ئەلئەفەندی)یەوە ئەوەیە کە نەك تەنها هەڵوێستێکی عەلمانییە بەڵکو تـەعبیری لـە نزمـترین پلـەکانی عەلمانیـەتی کردبـوو. کاك شـوان ئـەم دوو ڕسـتەی دوایـی واتـە ئـەو رەخنەیـەی ئەلئەفـەندی کـە هەڵوێستەکە دەکاتە هەڵوێستێکی عەلمانی وەرنەگێڕاوە(لاپەرە ١٢٤)!

لەمـەوە دیارە (پـاش ئـەوەی لـە هـەڵبژاردنی بابەتەکە دیـاربوو) کـە هەڵوێسـتی ئامـادەی وەرگـێڕ تاوانبارکردنـە، خوێنەریش چۆن بزانێت نووسەر وتوویەتی ئەو هەڵوێستەی کـە بریتییـە لـە تاوانبارنـەکردنی زەوتکردنـی دەسـەڵاتو دەستخستنە ناو سامانی میللەت هەڵوێستێکی عەلمانییە؟

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

بێگومان کەسێك ئەمانەتی وەرگێڕان نەپارێزێت هی ئەوە نییە متمانە نە بە نووسین و نە بە وەرگێڕانی بکەین. دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر مەسەلە وەرگێڕان بەدەستکارییەوە بوایە ( یان نووسین و ئامادەکردنی) بەهەرحاڵ.

نموونەیەکی تری پەڕاندن کە بۆ هەمان مەبەست کراوە (ل ١٢٥). ئەلئەفەندی باسی کاردانەوەی توندوتیژ سەبارەت بە کتێبەکەی عەلی عەبدولرازق دەکات (..) و کە لەو کاتەوە مێژوو و فیکری ئیسلامی لەناو کۆتی تیۆری تەقلیدی مایەوەو بەرەورووی نەبووەوە ئینجا لێرەدا کەوانەیەك کراوەتەوە و ئەمەی تێدا نووسراوەتەوە : هەر وەك فکری ئیخوان لە حەسەن بەنناوە تا سەیید قوتب لەگەڵ ئیستسنائی کەم وەکو تەرحەکانی فەتحی عوسمان و راشد ئەلغەننووشی.

کاکە شوان پێی گوناهە ئەو ئیستسنائە کەمانە هەبێت بۆیە پێی باش بوو خەتێك بەسەریاندا بهێنێو ئەو چەند وشەیە وەرنەگێڕێ چونکە ئەو چەند وشەیەو ئەو ئیستسنائە کەمانە بۆ کەسێك زۆرن کە باوەڕی بەڕیشەکێشان هەیەو لای ئەو میانڕەو و توندڕەو دەچنە ناو یەك خانە ئەویش ئەو خانەیەی پێویستە بەیەك لاستیك بکوژێنرێتەوە ئیتر بەهەر ناوێکەوە بێت هەرچەندە لێرەدا ناوەکە دیموکراسی و مۆدێرنیزمە کە هەر جارەی ناوەکانیان لەوانەی لای خۆمان دەبیستم جگە لە هەستێكو زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاری هیچی دیکەم بۆ دروست نابێت .

خۆش ئەوەیە نووسینێکی تری ئەلئەفەندی ( ئەوەی لەسەرەوەدا ناوم بردبوو) بسا ئەو جۆرە کەسانە دەکات کە وایان بڕوایە ئیسلامییەکان یەك شتنو جیاوازی نییە نێوان میانڕەو و توندڕەویان.

کاکە شوان وەك چۆن دەیەوێتڕەوتی ریشەکێشان لەسەر ڕووی زەمین زاڵ بێت ئاواش وشەکانی ریشەکێش کردووە بەڵام لەسەر حسابی ئەو نووسەرەی شتەکەی وەرگێڕاوە.

شتێکی تر کە کاکە شوان وەرینەگێڕاوە ئەو ڕستەیەی دەڵێت: ئەلئەفەندی بەدوای ئەو سەردەمەی نەمانی هاوسەنگی دەچێت کە لەگەڵ کەوتنی خیلافەتی ئیسلامیدا بوو هەروەها ئیشکالە فیکرییەکانی کە کاریان کردە تێڕوانینی بیریارە ئیسلامییەکان بۆ چەمکی دەسەڵاتو خیلافەت. ئەم ڕستەیەش ڕێك پێش باسکردنی کتێبەکەی عەلی عەبدولرازاق دێت. ناشزانم چ حیکمەتێك لە سڕینەوەی ئەم چەند وشەیە هەیە جگە لەوەی پاراگرافەکە شتێکی موزعج لای کاکە شوان دەڵێت ئەویش کە هاوکاتی کەوتنی خیلافەتی ئیسلامی هاوسەنگی تێکچووبوو و لای کاکە شوان ئەمە هەڵەیە چونکە بەپێی هەموو ئەوانەی وەکو ئەو بیردەکەنەوە دەبێت کەوتنی خیلافەتی ئیسلامی هیوایەکی گەشی لا خەڵك دروست کردبێت.. دیارە شتی وا نییەو بارودۆخی ئوممەتی ئیسلامی (کوردیش بە تایبەت چونکە کەوتە دەستی کەمالییەکان) لە جاران خراپتر بوو.

لە بڕگەیەکی تردا باسی سەرانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران کراوە کە وەکو خەڵکی تر ململانەیان لەسەر دەسەڵات و دەستکەوتی ماددی هەبوو.

خستنەڕووە عەرەبییەکە دەڵێت: "وەك هەر بەشەرێکی گوناهکار" بەڵام شوان ئەمە وەرناگێڕێت. جگە لەوەی تۆمەتەکە بەم ڕستەیە لەسەر سەرانی ئێرانی سووك دەبێت چونکە بەبێ ئەو ڕستەیە خوێنەر وا تێ دەگات ئەمە تاوانی تەنها ئەوان نییە. ڕەنگە ئەم تۆمەتەش کە دەیخەمە پاڵ شوان دروست نەبێتو کێشەکەی شوان ئەوەیە لەڕستەکە تێنەگەشتووەو نەیتوانیوە وەریبگێڕێت بۆیە بەسەریدا بازی داوە.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

لەهەمان بڕگەداو لەهەمان ئەم باسە خستنە ڕووە عەرەبییەکە دەڵێت کەوا ململانە لە پێناوی دەستکەوتی ماددی تایبەتمەندییەکی هەڵسوکەوت زۆر لە سەرانی شۆڕشی ئێرانی بوو. شوان ئەمەی دوایی وەرناگێڕێت"زۆر لەوان" و دەنووسێت: بەڵکو کێشەو ململانێیان لە پێناو دەسکەوتی مادیدا هیچ جیاوازییەکی ..تاد.

لەهەمان بڕگەدا نووسەری عەرەبی باسی هەڵەو کاری خراپ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤو شتی لەم جۆرە لە جەنگ و ئاشتیدا لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئێرانی .. شوانیش ئەم ڕستەیەی دوایی: "شتی لەم جۆرە لە جەنگ و ئاشتیدا" وەرناگێڕێت.

لەکۆتایی باسەکەشدا بڕگەیەکی چەند دێری هەیە کە شوان وەرینەگێڕاوە کە ئەم کورتەیەکی: بەپێی ئەلئەفەندی ئەو دەوڵەتانەی ڕێگەی زۆرکردنیان گرتەبەر بۆ قەدەغەکردنی ئازادیی خەڵك لەوەی گوناھ بکەن دەوڵەتیان بەتێکڕا دووجار کردە شوێنی گوناھ، جارێك کە گەندەڵی بەنهێنی لەناو خەڵکدا بڵاوبووەوە ( هەندێك جار لە ناو پیاوە گەورەکانیشیاندا) و جارێکی تر کاتێك گوناھە گەورەکانی کرد کە بریتی بوون لە ستەم و وەلائ بۆ دوژمنانی ئوممەت و یاریکردن بە چارەنووسی لەبەرچاوی هەموو خەڵکیدا.

بەشی یەکەمی ئەو بڕگەیە بەکەڵکی کاکە شوان دێت بەڵام ناکرێت بڕگەکە کلکوگوێ بکرێت بۆیە دیارە پێی باشتر بوو هەموو بڕگەکە لابەرێت.. ئاشکراشە بەشی دووەمی بڕگەکە تاوانبارکردنی دەوڵەتی تێدایەو یەکێك لە گوناھەکان بریتیە لە وەلائ بۆ دوژمنانی ئوممەت کە ئەمە لەسەر دڵی ئەو کەسانە قورسە کە لەبەر دوژمنایەتیکردنی ئیسلامییەکان چاو لە دوژمنانی ئوممەت دەپۆشن.

پاش ئەوە دەستمان خستە ئەو ڕستەو بڕگانەی کە شوان وەرینەگێڕاون و کە دیارە بۆ چ مەبەستێك ئەمە کراوە دێینە سەر بەشێکی تری ڕەخنەکەمان ئەویش هەڵەکانی وەرگێڕان، سەرەتاش پێویستە دووبارەی بکەمەوە کە دەبێت چاوپۆشیمان هەبێت سەبارەت بە وەرگێڕان بۆ کوردی، لەبەر ئەوەش ژمارەیەك هەڵەی وەرگێڕان کە کاری ناچارین پشتگوێ دەخەم هەروەها ناچمە سەر ئەو وشەو ڕستانەی تەواو بەرامبەری ئەسڵە عەرەبییەکە نین ئەگەر بزانم بەرامبەری تەواوی کوردیمان نییە یان خۆم ئەو بەرامبەرە نەزانم.

١- عەرەبی: "وفشلهم في تحقيق المثال الذي نشدوه في اقامة الدولة الاسلامية".. کوردی:"نەتوانن خەونیان لە هێنانە ئارای دەوڵەتێکی ئیسلامی بهێننە دی".. ئەم وەرگێڕانە هەڵەیە چونکە نووسەر باسی نموونەیەکی ویستراو نەك دەوڵەتەکە خۆی دەکات. ئەو کێشەیەش کە نووسەر باسی دەکات کێشەی ئەو تیۆرەی بەوتەی خۆی تەقلیدییە لە بارەی دەوڵەتی ئیسلامی دەنا نووسەر باسی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە دەکات کە لە ئەزموونەکانی سودانو ئێرانو ئەفغانستان چەسپێنران ئیتر چۆن دەڵێت ئەوان نەیانتوانی ئەو خەونەیان بهێننە دی لە بەدیهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی؟

ئەمە نیشانەیەك کە وەرگێڕ لەو بابەتە تێنەگەیشتووەو بەتایبەتی لەم شتە جەوهەرییەی .

٢- عەرەبی: روح المساومة و التلفيق .. کوردی: ڕۆحی سازشکاری و ریاکاری (ل ١٢٣) وشەی سازشکاری جوانە ، وشەیەکی تریش هەیە : سەوداکردن (ڕەنگە هەروەها سەوداکاری)و بەش بەحاڵی خۆم وشەی سازشکاری لا جوان بوو و لەمەودوا بەپاڵ سەوداکردن بەکاری دەهێنم سوپاسی کاکە شوانیش دەکەم کە سەرنجی بۆ ئەوە وشەیە ڕاکێشام. بەڵام وشەی دووەم هەڵەیە چونکە (تلفيق) ریاکاری نییە.. ریاکاری هەر( رياء) ی عەرەبییە بەڵام خەڵك بەهەڵە بۆ (نفاق) بەکاری دەهێنێت .. واتە شوان دوو هەڵەی کردووە : یەکەم کە (تلفيق)ی بە (نفاق) زانیوەو دواتر کە (نفاق)ی بە

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ریاکاری وەرگێڕاوە .. وشەی تەلفیق هێندەی بزانم بەرامبەرێکی باوی کوردیی نییە ئەمەش دەگەڕێتەوە بەبڕوای خۆم ، رەنگە لەمەدا هەڵەبم ، بۆ ئەوی کە رەخنەی کوردی هێشتا خۆی لە قەراغەکاندا دەداتو ناچێتە ناواخنی بابەتەکان بۆیە ناتوانێت تەلفیقەکانی بابەتەکانو تیۆرەکانو بۆچوونەکان بدۆزێتەوە، کە شتێکیشمان نەزانی یان نەمانکرد پێویستمان بە وشە نییە بۆی.

شوان دەیتوانی هەر وشەی تەلفیقی بنووسیایە .. بۆ خۆشم وشەی (هەڵبەستنکاری) بەکاردەهێنم. هەڵبەستنکاری جگە لەواتای باوی( هەڵبەستن= دروستکردنی شتێك لە خۆوە بەتایبەتی تۆمەت و بوختانو قسە و نوکتە) دەشێت بۆ ئەم مەبەستەمان. وشە عەرەبییەکەش لە ئەسڵدا واتای پێکەوەدروونی دوو پارچە هەروەها هەڵبەستنو رازاندنەوەی قسە بە شتی ناڕاست. بەکارهێنانێکی نوێشی لە بواری فیکردا هەیە ئەویش پێکەوەگرێدانی دوو شت کە هی پێکەوگرێدان نین.

٣- عەرەبی: "وبنظرة موسعة".. کوردی : "ئەگەر سەرنجێکی خێرای" کە دیارە ئەمە هەڵەیەو راستەکەی: بەتەماشایەك (یان سەرنجێك)ی فراوان (پیتاوپیت: فراوانکراو).

٤- وەرگێڕ لە هەموو شوێنێکدا وشەی (ستەمکار) و (ستەمکاری) بۆ (مستبد) و (ئیستبداد) بەکاردەهێنێت کە ئەمە هەڵەیە چونکە (ستەمکار) بۆ (زاڵم) بەکاردێت لەکاتێکدا (مستبد) ئەو کەسەیە بێ پرس و را حوکم دەکات. ئیستبداد لە عەرەبیدا ئەو حوکمەیە کە رێك پێچەوانەی شورایە بەهەردوو رووی شوواروە: پرس نەکردن بەکەسانی تر و دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا . دەوترێت (استبد فلان برایە) واتە کەسێك هەر رای خۆی خستەکار و ئیشی بەرای کەسانی تر نەکرد. لەغەیری عەرەبیشدا وشەی **despotism** هەیە کە لەئەسڵدا ستەمکاریو شتی لەم بابەتە نییە بەڵکو شێوەی حوکم و رەفتارێکە کە پرسو را و شوورا ناخاتە کارو دەسەڵات پاوان دەکات. هەر لەمەشەوە زاراوەی (المستبد العادل) هەیە کە شوان بە ( ستەمکاری دادپەروەر) وەریدەگێڕێت (ل١٢٦) کە ئەمە تەعبیرێکە هیچ مانای تێدا نییە دەنا چۆن فەرمانڕەوا لەیەك کاتدا ستەمکارو دادپەروەریش دەبێت؟! زاراوەکە وەسفی نموونەی فەرمانڕەوایەك دەکات کە کار بەشوورا ناکات نە لەپرس کردن بەکەسانی تر و نە لە هەڵبژاردن و رەزامەندی خەڵك لە فەرمانڕەوایدا بەڵام لەهەمان کاتدا دادپەروەری لەگەڵ رەعیەتدا بەریا دەکات.. ئەگەر بمانەوێت ساکارتری بکەین دەڵێین فەرمانڕەواکە دکتاتۆرەو لەوە بەدەر دادپەروەرە دیاریشە کە لە ئەدەبیاتی رۆژنامەوانیو بگرە بازاڕیشدا دیکتاتۆر یەکسان کراوە بە (زاڵم).

ئەم نەشارەزاییە لەواتای زاراوەکان هەر کەسێك بیکات لێی قبووڵ دەکرێت بەڵام کەسێك خۆی بە پسپۆری ئیسلامی سیاسی بزانێتو واتای ئەم وشە گرنگەی هەردوو کەلتووری ئیسلامی و رۆژئاوایی نەزانێت نیشانەیەکی پرسیار دادەنێت لەبەردەم شتی تریدا.

رەنگە ئێستا پێویست بکات زۆر بەکورتی لەبارەی چەمکی ئیستبدادی دادپەروەر بڵێم کە بۆ خۆم باوەڕم وایە ئەم جۆرە حوکمە زۆر دەگمەنە و هی ئەوە نییە پشتی پێوە ببەسترێت. دەسەڵات گەندەڵییە ئیتر چۆن بەتەما بین کەسێك هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستدا بگرێت دادپەروەری بۆ پیادە بکرێت؟ هێندەی بزانم لەکاتی جەمالوددینی ئەفغانییەوە (سەدەی نۆزدە) بیر لەم جۆرە فەرمانڕەوایە کراوە (راستریش ئەوکاتە باسی موستەبدی رۆشنبیر – المستبد المستنیر کراوە) و ئەمە لە کەلتووری رۆژئاواییەوە وەرگیراوە و ئەوەی لە کەلتووری ئیسلامیدا هەیە ( دەڵێین "کەلتوور" نەك

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

خودی ئاینەکە) فەرمانڕەوایەك شەرعی خودا بپارێزێ و ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بکات..و ئیستبدادو تەنانەت ستەمکاریش بەناچاری تەحەممول بکرێت نەك لەبەر ئەوەی شەرعین بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو فەرمانڕەوایە شەرعی خوداو ئەمن وئاسایش دەپارێزێت (ئێرەش جێگەی موناقەشەی ئەمە نییە بەڵام بەکورتی دەڵێم فەرمانڕەوایەکی وا زۆر زەحمەتە شەرعی خودا بپارێزرێت، تەنانەت ئەمن تەنها لەسەردەمی خۆیدا سەقامگیر دەبێت دەنا پاش خۆی لافاو وڵات دەبات).

بەڵێ زووتر بیر لە موستەبدی دادپەروەر کراوەتەوە بەڵام ڕۆژان دەریانخست کە فەرمانڕەواکان جگە لە ئیستبدادەکەیان یان ستەمکاربوون یان خوێری و سەرسەری و بەکرێگیراو ! داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم.

تێبینیەکەی ترم سەبارەت بە یەکسانکردنی موستەبددی دادپەروەر لەگەڵ (مەهدی)دا. ئەگەر ئەو خستنەڕووە عەرەبییە بەئەمانەتەوە فیکرەی نووسەرەکەی نەقڵ کردوە ئەوا نووسەر هەڵەیەکی تر کردووە چونکە ئەو مەهدییەی فەرموودەکان باسی دەکەن ئەوپەڕی دادپەروەری بەدی دەهێنێت بەڵکو تەنانەت فەرموودەکان باسی هۆکاری هاتنی دەکەن کە بڵاوکرنەوەی دادپەروەرییەو یەك تاکە وشە نییە لەسەر ئەوەی فەرمانڕەوایەکی موستەبددە. ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ حوکم و ئیسلام وەك لە ئایەت و فەرموودەکان ومێژوودا ئاشکرا دیارە کە یەکێك لە ڕوکنەکانی حوکم شوورایەو یەکێك لە کێشەکانی موسڵمانان لەگەڵ بنەماڵەی ئەمەویدا ئەم مەسەلەی شوورایەیەو بەتایبەتی کە حوکم لە جیاتی ئەوەی بەرەزامەندی موسڵمانان بێت لە باوکەوە بۆ کوڕ یان برا دەچوو.

٥- شوان رستەی " وهذا الامر ادى الى تحمل الفساد الداخلي" وا دەکاتە کوردی" ئەم هەڵوێستەشیان بووە مایەی زیادبوونی گەندەڵیی ناوخۆیی" (ل ١٢٣) کە ئاشکرایە (زیاد بوون) نە بە نزیك و نە بە دوور بەرامبەری (تحمل) نییە. نووسەر باسی لەبەرگەگرتن و سەبرگرتن لەسەر گەندەڵی دەکات بەڵام وەرگێڕ دەیکاتە "زیادبوون".

٦- چەمکی گوناه لێرەدا : (ضل غامضا و ضيقا) واتە( تەمومژاوی و بەرتەسك مایەوە) بەڵام شوان دەنووسێت:(بەرتەسك وئاڵۆز) .. ل ١٢٤.

٧- شوان لەوشەی (غصب السلطة) تێنەگەیشتووە، کەسێکیش شتێك لەبارەی عەرەبییەوە بزانێت دەزانێت (غصب) پاوان نییە. هەر وشەکە خۆی لە کوردیدا بەکاردێت واتە (غەصب)و هەمان واتای هەیە! بێگومان کاکە شوان کە ئەو وشە ساکارە نەزانێت (شوانیش چەند جارێك وشەی پاوانی بەکارهێناوە بۆیە گومان نامێنێ کە باوەڕی بە واتای وشەکە هەیە) چۆن دەزانێت وشەکە لەکەلتووری سیاسیی ئیسلامیدا هەیەو واتاکەی چییە؟ زەوتکردنی دەسەڵات یەکێك لەچەند شێوازێك کە کەلتووری سیاسیی ئیسلامی هەروەها فیقهی ئیسلامی باسی کردوون و لەم بارەیەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەبووە، کەسانێك هەبوون ئەم زەوتکردنە بەکارێکی ناشەرعی دەزانن بەڵام خیلافەت یاخود ئیمارەتی ئەو کەسەی دەسەڵاتی زەوت کردووە پاش ئەو زەوتکردنە بەشەرعی دەزانن، دیاری ئەمە یەکێکە لە بۆچوونەکان نەك وەك کورتە عەرەبییەکە دەڵێت کە کرۆکی تیۆرە تەقلیدییە ئیسلامییەکە گەشتە ئەو ڕاستییەی کە شەرعیەتی فیعلیی دەسەڵات پەیوەستە بە زەوتکردن.. کاکە شوان لە دۆڵێکی تر ئاوازی خۆی دەڵێت و نەك تەنها لەم کەینوبەینە بێئاگایە بەڵکو هەر باس لە "پاوانکردن" دەکات.

پاش چەند دێڕێکیش (ل ١٢٥) باسی ( حوکمرانی ستەمکار) دەکات لەکاتێکدا باسە عەرەبییەکە لە بارەی ئەو حوکمرانەیە کە حوکمەکەی زەوت کردووە.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

٨- دەقە عەرەبییەکە دەڵێت (الامر المهم هو) واتە ( شتە گرنگەکە ئەوەیە) یان (مەسەلە گرنگەکە ئەوەیە) بەڵام شوان دەڵێت (کێشەکەش لەوەدایە )ل/١٢٥.

٩- نووسەری کورتە عەرەبییەکە لەمیانەی باس لە شۆڕشی ئێرانی دەڵێت کە ئەلئەفەندی وای بۆ دەچێ کە رەفتاری سەرکردە دیارەکانی شۆڕشەکە لە هیچ نموونەیەك دوور نەکەوتۆتەوە کە دەکرێت چاوی لێ بکرێت (لم یبتعد عن أي نموذج یمکن ان یحتذی) بەڵکو رەفتارێکی زۆرانبازیانە (..) بوو کە جیا نەبوو لە ململانەکانی تاقمە نائیسلامییەکان. مەبەستەکەش ئاشکرایە کە ئەو نموونانەی باسیان دەکات خەڵکانی ترەو ئەو سەرکردانەی ئێران لەو نموونانە دوور نەکەوتوونەتەوە بەڵام شوان کە باسی رەفتارو هەڵسوکەوتی سەرکردە دیارەکانی شۆڕشی ئێرانی وەردەگێڕێت دەڵێت ئەلەئەفەندی پێی وایە ئەوانە بوونە نموونەیەك کە چاویان لێ بکرێت!

١٠- شوان هەر لەبارەی ئەو سەرکردە ئێرانییانەوە دەڵێت: تەنانەت هەندێك جار لەوانیش بەدتر بوون (ل/١٣٦) لەکاتێکدا دەقەکە دەڵێت (احیان کثیرة) واتە( زۆرجار).

١١- شوان دەڵێت: لەلایەکی ترەوە شۆڕشی ئیسلامیو مومارەسەکانی ئەو شۆڕشە ئاشکرای کرد کە چ کەلێنێکی گەورە لە تیۆریای ئیسلامی تەقلیدیدا هەیە ..تاد (١٣٦) لەکاتێکدا دەقەکە ناڵێت ئاشکرای کرد بەڵکو یەکلایکردەوە(حسمت) ئەویش یەکلاییکردنی گومان : ( ولقد حسمت الثورة (...) أي شك یتعلق بالخلل الکبیر..)

خەلەلیش دیارە (کەلێن) نییە چەنکە کەلێن (ثغرة)یە یان (فجوة).

١٢- دەقی عەرەبی دەڵێت : ( ولعل اهم ما کشفت عنە الثورة الاسلامیة )، شوانیش وشە لعل=رەنگە دەپەڕێنێت (ل١٣٦).

١٣- لەعەرەبیدا:( یلاحظ الافندي و ینتقد التعلق بفکرة الشخصیات الکاریزمیة).

لای شوانیش : ( عبدالوهاب ئەفەندی دەکەوێتە رەخنەگرتنی ئایدیای شەخصی پەرستی وهۆگربوون بە کەسایەتیە کاریزمیەکانەوە و ..)/ل١٣٦.

ئاشکراشە دەقی عەرەبی باسی شەخس پەرستی ناکات، هۆگربوونەکەش بە (فیکرە)کەیە نەك بە کەسایەتییەکانە.. سەرەڕای ئەوەش دەقە عەرەبییەکە دەڵێت : ( وفي تینك التجربتین) واتە: لەو دوو ئەزموونەدا( ئەوەی ئێران وسودان) بەڵام شوان دەڵێت لە رێی ئەزموونی...بەواتایەکی تر ئەو شتەی ئەلئەفەندی تێبینیی کردووەو رەخنەی لێ گرتووە شتێکە لە دوو ئەزموونەکە هەبووە نەك لەرێی ئەو دوو ئەزموونە گەشتبێتە حوکمێکی گشتی .. بەلای کەمەوە دەقە عەرەبییەکە وا دەڵێت.

١٤- دەقی عەرەبی دەڵێت: ثم ینتقد الافندي مصادقة الاسلامیین علی حق الدولة "القانوني" في ممارسة الفرض و الاجبار علی المجتمع..

کاکە شوانیش وای وەردەگێڕێت : دواتر ( عبدالوهاب ئەفەندی) رەخنەی ئەوەش لە ئیسلامیەکان دەگرێت رەزامەندن لەسەر ئەوەی دەوڵەتی یاسایی مافی ئەوەی هەبێت بە ناچاری شت بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێ.

ئاشکراشە چەند جیاوازی هەیە لە نێوان حق الدولة القانونی=مافی یاسایی دەوڵەت..و"دەوڵەتی یاسایی مافی ئەوەی هەبێت". بەپێی ئەو وەرگێڕانەی شوان دەبوا نووسەر بیوتایە" حق الدولة القانونیة". جگە لەوەش دەقە عەرەبییەکە

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

تەعبیری (بەناچاری)ی تێدا نییە. نووسەر دەڵێت: "ممارسة الفرض و الاجبار" واتە: پیادەکردنی شت سەپاندن و زۆرە ملێ.. یاخود "شت سەپاندنو ناچارکردن".. شوانین ئەمە دەکاتە "بەناچاری شت سەپاندن".

١٥- دەقی عەرەبی پاش ئەوەی سەرەوە یەکسەر دەڵێت (وضعف الحساسية تجاه "حق" الافراد و المجتمع...) بەڵام شوان ئەو ئامرازەی (و)ە دەکاتە ڕستەیەك ئەویش: "بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا" جگە لەوەش (لاوازیی هەستیاری) دەکاتە( بێباکن) هەروەها دەقەکە باسی (هەڵسوکەوت ) دەکات شوانیش دەڵێت: ( بژین و هەڵسوکەوت بکەن).

١٦- شوان ( قسر الاخرين) بە( بچووکردنی رووبەری ئازادیی ئەوانی تر) وەردەگێڕێت بەڵام ئاشکرایە (قسر زۆرلێکردنە.

١٧- لەدەقە عەرەبییەکەدا ئەوە هاتووەکە رۆژنامە ئیسلامییەکانی وڵاتە عەرەبییەکان کەمتر بایەخ بە دیفاعکردن لە ئازادییەکانی ئیسلامییەکان و غەیری ئیسلامییەکان دەدەن و زیاتر بەدوای: ( القضاياالانصرافية مثل هذا الحفل الموسيقي هنا وتلك الفتاة غير المحتشمة هناك) دەچن.

هەرچەندە ئەم رەخنەیەی ئێستام بۆ موناقەشەی قسەکانی کتێبەکە نییە بەڵام پێویستە ئەگەر بەچەند دێڕێکیش تێبینیی خۆم لەمەبارەیەوە بڵێم: زۆر راستە ئیسلامییەکان باس لەم ئاهەنگەو لەو جلوبەرگەو لەو هەڵسوکەوتە دەکەن بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت کە ئەمە بەشێکە لە ئەمر بەچاکەو نەهی لە خراپە کە پێویست ناکات بەڵگەی بۆ بهێنمەوە لە ئاین چونکە بەڵگەکان یەکودوان نین.. بەڵام ئەو قسەیەی سەرەوە موبالەغەی زۆری تێدایەو خوێنەری نەشارەزا رەنگە وا بزانێت ئیسلامییەکان تەنها ئەمەیان هەیە بیکەن. بۆ کەسێکیش ئاگاداری کاری بزاڤە ئیسلامییەکانە ئەم وێنەیە لە وێنەیەکی کاریکاتێری دەچێت، خۆ ئەگەر ئیشی ئیسلامییەکان هەر ئەوە بوایە حکومەتانی ناوچەکە چ کێشەیەکیان دەبوو؟ راستیشە ئیسلامییەکان کەمتر باس لە ئازادیی ئیسلامییەکان دەکەن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو شت: ترسنۆکیی ئیسلامییەکان لەلایەك (کوردستانیش باشترین نموونەیە)و زەبرو زەنگی حکومەتەکان لەلایەکی تر. ئەم رەخنەیەش،واتە دیفاع نەکردن لە ئازادییەکان تەنانەت عەلمانییەکانیش دەگرێتەوە.

بگەڕێینەوە سەر وەرگێڕانەکەی خۆمان:

(القضايا الانصرافية) لە تەعبیرێکی نوێ دەچێتو هەم لە خودی وشەی (انصراف) و هەم لە سیاقی قسەکە دیارە مەبەست ئەو مەسەلانەی جەوهەری نین و خۆغافڵکردنیان تێدایە (خۆغافڵکردن لەمەسەلە سەرەکییەکان) بەڵام بەکاهێنانی لێرەداو بۆ ئەو مەبەستە هەڵەیە، بەهەرحاڵ شوان وای لێ دەکات: "گرنگی زۆر بەو مەسەلانە دەدەن کە رووبەری ئازادیەکان تەسکتر دەکەنەوە"! (ل١٢٧)! واتە شوان کە لە وشەکە تێنەگەیشتووە واتایەکی بۆ داناوە بەپێی قسەکانی کۆتایی ڕستەکە. بەواتایەکی تر شوان کۆتایی رستەکەی بینیوە کە باس لە گرنگیدانی ئیسلامییەکان بە ئاهەنگی مۆسیقیو کچی رووت دەکاتو ئەمەی بۆ بۆتە تەفسیری دوو وشەی (القضايا الانصرافية)و وایزانیوە دەبێت وای وەربگێڕێت : (گرنگی زۆر بەو مەسەلانە دەدەن کە ڕووبەری ئازادیەکان تەسکتر دەکەنەوە).

سەرباری ئەو هەڵەیە شوان چۆن ئەو قسانەی وەرگێڕاوە؟ ( مثل هذا الحفل الموسيقي هنا) واتە(وەکو ئەم ئاهەنگە مۆسیقییە لەم شوێنەدا) شوانیش وای لێدەکات: ( وەکو هێرشکردنە سەر ئەو ئاهەنگی مۆسیقانەی ساز دەکرێت).. (تلك الفتاة غير المحتشمة هناك) ش باس لە کچێکە جلو بەرگ و ڕواڵەتی دەرەوەی نەگونجاوە وەك جلی کورتو رووتی

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

لەبەربێت یان هەڵسوکەوتی نەشیاوی هەیە.. تاد و شوان دەیتوانی بە دە دێڕیش ( غیر محتشمة)ی شەرح بکردایە بەڵام نەك بڵێت (کچێك کە مەدەنی پۆشە و لەچکی بەسەردا نەداوە)!!

جاریَ کچ ئەگەر تەنها لەچك نەدا بەسەریدا نابێتە (غیر محتشمة) و دەبێت شتی تریشی نەدابێت بە خۆیدا !! پاشان ئەو نوکتەیە چییە کە وەسفی یەکێك بکرێت جلێکی رووتی لەبەربێت بەوەی کە ( مەدەنی پۆش)ـە؟ بەداخەوە لە کوردستاندا لەمەدەنیەت وا تێگەیشتووین !! باشترین تەفسیر بۆ قسەکەی کاك شوان ئەوەیە تەعبیری بازاڕیی بەکارهێناوە بۆ(مەدەنی) واتە (شاری) کە دیارە کچی شاری هەرگیز یەکسان نییە بە (غیر محتشمة).. جگە لەوەش وشەکە کوردی نییە چونکە کە دەڵێیت (مەدەنی پۆش) واتە شتێکی لەخۆی پۆشیوە ناوی(مەدەنی)یە وەك چۆن دەڵێیت ( زریَ پۆش – مدرعة ). خۆ ئەگەر وەزنوقافیەی زرێپۆشمان قبوولٚ کرد بۆچی یەکێك لەچکی لەسەربێت (مەدەنی پۆش) نەبێت؟

وشەی مەدەنی پۆش سەقەتەو ئەو واتایە سەقەتترەو یەکێکە لە داهێنانەکانی کوردستان کە جگە لە شوان لە خەڵکی دیکەشم بیستووە.. پیرۆزمان بێت!

١٨- بۆ ئەوەی کەیف و زەوقی خوێنەریش تێك نەدەمو تا نوکتەی زرێپۆش کۆن نەبووە زۆر بەخێرایی باقی رەخنەکەم دەخەمە ڕوو، بابەتەکەش بۆ خۆی یەك پاراگرافی ماوە.

دەقی عەرەبی باسی چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی دەکات ( الذي عمر بە الخطاب الاسلامي الحديث ).. وشەی (عمر) چەند واتایەکی هەیە وەك: ئاوەدان بوو، زۆر بوو، تەمەنی درێژەی کێشا.. و ڕەنگە مەبەست لەوە بێت: (ئەو چەمکەی بەهۆیەوە تەمەنی گوتاری ئیسلامیی نویَ درێژی کێشا) شوانیش دەڵێت( ئەو چەمکەی گوتاری نوێی ئیسلامی باسی لێدەکات).. (باس کردن) و ئەو واتایانی وشەکە هێندە لە یەکەوە دوورن هیچ شتێك کۆیانکاتەوە.

١٩- دوایەمین رستەی دەقی عەرەبی باسی ئەو دەوڵەتەیە کە پێویستە موسڵمانان هەولٚ بۆ بەدیهێنانی بدەن ( و انما هي ماينتج عن الارادة العامة للامة و بالتراضي من افرادها و جماعاتها) کە شوان وای وەردەگێڕێت ( بەڵکو شتێکە بەرهەمی ئیرادەی ئازادانەی نەتەوەیە و بەویست و خواستی تاکەکەس وگروهە جیاجیاکانی ئەو کۆمەڵگایە دێتە بەرهەم ). رستەی دوایەمین (ویست وخواستی تاکەکەی..) نییە چونکە (تراضي) واتای پێکهاتن و ڕێککەوتن دەگرێتەوە.

( الارادة الحرة للامة) واتە (خواستی ئازادی ئوممەت)، ئوممەتیش چەمکێکی ئیسلامییە کە لەسەددا سەد وەرگێڕانی بە(نەتەوە) هەڵەیەو قەومییە عەرەبییەکان ئەو چەمکەیان لە ئیسلام خواستووە بۆ (نەتەوە)بە مەبەستی (قوم) یان (قومية) کە دیسان ئەمە ی دووەم هەڵەیە. چۆنیش مرۆڤ بتوانێت باس لە ئیسلام و سیاسەت لەئیسلامدا و ئیسلامی سیاسی بکات لە ئەگەر جیانەکاتەوە نێوان ئوممەت و نەتەوە لەکاتێکدا ئوممەت زاراوەیەکی سەرەکیی ئیسلامو فیکری سیاسیی ئیسلامییە لە کۆنەوە تا ئەمرۆ؟